برای بەڕێزم کاک ناسری ڕەزازی!

" مەرزیە فڕی بۆ لای ئەو پەپوولانەی بە دڵ و بە گیان سروود و گۆرانیی بۆیان دەچری "

سیروان کاروانی

بە هۆی کۆچی دوایی خانمەهونەرمەندی بەڕێز "مەرزیە"، دایکی (کاردۆ، ماردین و دڵنیا) و خێزانی جەنابتانەوە، لە قووڵاییی دڵەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆم بە ئێوە و هەموو گەلی کورد ڕادەگەیەنم. ئەم بۆنە پڕ لە پەژارەیە، باڵی ڕەشی بەسەر هەر یەکێک لە ئێوە و هونەردۆستانی کورددا هێنا.

بێگومان کۆچی کتوپڕی مەرزیەخان لەم کاتەدا، داخ و کەسەرێکی گەورەی خستە دڵی هەموو کوردێکی هونەردۆست و نیشتیمانپەروەرانی کوردەوە. مەرزیە هەروەک لە کاری هونەرییدا، خاوەن دەنگێکی خۆش و تایبەتمەدێتیی خۆی بوو، هەر بەو شێوەیەش پێشەنگی نیشتیمانپەروەری بوو و لە ماوەی ژیانیدا داکۆکیکەری مافەکانی ژنان بوو.

بێگومان:

مەرزیەی هونەرمەند، دڵی تژ بوو لە ئەڤینی نیشتیمان، بەرهەمەکانی تژ بوون لە تاسەی سەربەخۆییی گەلەکەی.

مەرزیەی پێشمەرگە، چەکی هونەر و چەکی کوردایەتیی زیاتر لە سی ساڵ بە شانەوە کرد و بە هونەرە بەسۆزەکەی بۆ دەست و تفەنگی پێشمەرگەی کورد دەسووتا و لەم ڕێڕەوەدا، تا 2005.09.18 وەک ژنەکوردێکی خاوەن هەڵوێست درێژەی پێ دا.

مەرزیەی مامۆستا، دایک و باوکی دووەمی منداڵە کوردەکانی "خێرهۆڵم" بوو، کە لە پاڵ وانەی فێربوونی نووسین و خوێندنەوەی کوردیدا، فێری دەکردن کە ئەوان ڕۆڵەیەکی کوردن.

مەرزیەی کورد، ئەو شێرەژنە بوو، کە هیچ یەکێک لەو سنوورانەی نەدەناسی، کە نەیارانی کورد بەسەر نیشتیمانەکەیاندا کێشابوو و، لە هەموو ڕاگەیاندنە کوردییەکانەوە، وەک ئاگرەکەی نەورۆز بە شنەی کوردایەتی گڕی دەگرت.

مەرزیەی شەیدا، ئەو خانزادەی ڕۆژهەڵات بوو، کە هەمیشە بە باوەشێ گوڵ و ئەمەکەوە سەری نەوازشی بەرانبەر بە شەهیدانی کوردستان و منداڵە کەسوکار ئەنفالکراوەکان و سووتاوەکانی دەستی کیمیایی سەردەمی هار دادەنەواندەوە.

مەرزیەی ژن، شێرەپاشای ناو باغستانی ژنایەتی بوو و داکۆکیکەری مافی دەستەخوشکانی بوو.

مەرزیەی دایک، دایکێک بوو تا کۆتاییی ژیانی، مەزنی و بوردەباریی خۆی بەرانبەر بە خێزانەکەی پاراست.

مەرزیەی مرۆڤ، خۆی لە خۆیدا خوێندنگەیەکی تژ لە مرۆڤپەروەری و یەکسانیخواز و گەورەیی بوو، کە هەمیشە ئارەزووی ئەوە بوو مرۆڤ بە مرۆڤی بژی.

مەرزیەی هەمووان، تێکەڵ بوو لە چالاکیی کۆمەڵایەتی و هونەری و شۆڕشگێڕێتی.

مەرزیەی گوڵ، خەونێک بوو لە جوانی و ڕەزێک بوو تەنها لەو دارانەی، کە پەپوولەکان حەز دەکەن لە سەری بنیشنەوە.

مەرزیە بوو بە مێژوویەک لە سەروەری و سەرفرازی بۆ خۆی و پاشماوەی خێزانەکەی

مەرزیە فڕی بۆ لای ئەو پەپوولانەی بە دڵ و بە گیان سروود و گۆرانیی بۆیان دەچری

ئاواتەخوازم گیانی مەرزیەی دایک و هونەرمەند و مامۆستا هەر شاد بێ!

2005.09.19